# کەسێتیی و بیری ڕەخنەیی و نەتەوەیی شاعیری کورد
# هەمەنداغای فانی

## نووسینی د. کەمال میراودەلی

### بەشی دووەم

## فانی مرۆڤ

فانی مرۆڤیش لە فانی نووسەر و مونەوویر و شاعیر جیا نییە. لای فانی گوتار و ڕەفتار، قسە و کردەوە یەکن. وەك وتمان فانی بە ڕاستی ڕەنجدەر بووە و خۆی وەك ڕەنجدەر نەك ئاغا ناساندووە. لەم ڕووەشەوە ئەو جیاوازی خۆی لە (ئەوانی دی) کۆمەڵەکەی بە ئاشکرایی و ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ:

نە ئاغای دێم و نە کوێخای گەڕەك
پارە بستێنم بەزەبری کوتەك
نە ئەسپم هەیە نە تفەنگی برنەو
نە چەتەم هەیە بۆ سەر ئەم و ئەو
نە دزم هەیە نە درۆزنم
لەگەڵ هەردوو لا وەکو دوژمنم
خۆم ڕەنج دەکێشم بۆ تەئمینی نان
دەست درێژناکەم بۆ نانی دوو نان

لێرەدا فانی خۆناسین و ناسنامەی خۆی بە جیاکردنەوەی کایەی سیمانتیکی بوونی خۆی (واتە وشەگەلی ناسین و مانای ژیان) لە هی کۆمەڵەکەی ئاشکرا دەکا. فانی جیایە، فانییە و کەسی دی نییە چونکە :

ئاغای دێ نییە
کوێخای گەڕەك نییە.
ئەسپ و تفەنگی برنەو و چەتەی نییە.
دز و درۆزن نییە
لەگەڵ ئەمانە دژە و دوژمنە

ئەنجام :خۆی ڕەنجدەرە، پشت بەخۆی دەبەستێ بۆ ژیان بۆیە :

ئازاد و سەربەخۆشە و پێناسە و کایەی زانگەیی سەربەخۆی خۆی هەیە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بە ناوی ( بۆ پاکی نییەت) کە پێشتر هێمامان بۆ کرد، فانی زیاتر کایە و فەزای سیمانتیکی بوونی مۆراڵی (ئەخلاقی و ڕەوشتیاریی) خۆی لە کۆمەڵەکەی جیا دەکاتەوە و لەو

ڕێگایەوە بە جیاکردنەوەی خۆی هەوبوون و ناسنامەی جیای خۆی رادەگەیەنێ. ئەوە دەسەلمێنێ کە لەرووی بیر و باوەڕ و بۆچونی کۆمەڵایەتییەوە ئەو (جیاوازە):

من موعتەقیدی صۆفی و دەروێش و مەلا نیم

پاکی نییەتم لازمە، وێنەی جوهلا نیم

وێنەی کۆمەڵەکەی (وێنەی جوهەلا) یە: وێنەی کۆمەڵە ئادەمیزادێک کە جەهالەت و موفرەداتەکانی جەهالەت رەنگیان دەکا، وەسفیان دەکا، روخسار و ئاکار و پەیامی بوونیان دەستنیشان دەکا. بەڵام ئەو ((پاك نیازە)) چونکە زانایە و راستگۆیە لەو کۆبەندی زانگەرییەی جەهالەتە بەدەرە: خەرافات، ریا، شەهوەت، هەوەسبازی و خۆپەرستی، سازندەیی، خراپەکاری لەگەڵ خەڵك، جەردەیی، درۆ، دووروویی، خەو و تەمبەڵی، هتد..

نانووسمەوە نووشتەی سووتانی پەری و دێو

دەربەستی حەقی نووشتە و جۆیایی کەوا نیم

جەردەم نییە بۆ کەسبی شەرارەت وەکو ئاغا

جۆیایی نەمانی گەل و گریەی زوعەفا نیم

ناکەم  بە درۆ مەدحی نەزانان لە حزوورا

ناحەز بە ریا بازم و رازی بە ریا نیم

خوو نادەمە خەو بۆچی ؟ لەبۆ کەسبی زەکاوەت

گەنجی ئەبەدی هەر ئەدەبە شێتی غینا نیم

ئەمەی دوایان جیاکردنەوە ئایدیۆلۆژی و رەوشتیارییەکەیە کە بناغەیەکی فەلسەفیی هەیەز لای فانی ژیان کاتدار و بەسەر چووە، بۆیە ئەو شێتی دەوڵەمەندی و سامانی دنیا نییە. لای ئەو گەنجی (واتە خەزنە و سامانی) ئەبەدیی و نەمر هەر : ئەدەبە، واتە شیعر و وێژە.. ئەمەیە فەلسەفە و هێزی خۆناسینی شاعیر.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بەناوی (من) فانی زیاتر فەزای خۆناسینی خۆی بە جیاکردنەوەی کایەکانی بیر و رەوشت و رەفتار و کرداری خۆی لە کایە زانگەیی و بیرییە باوەکانی کۆمەڵەکەی, دەسەلمێنێ:

نە ئاغام و نە کوێخام و نە شێخم

لیباسی موفتە خۆرانم لە بەر پێ

بەسەر مەستی و پەستی رابوێرم

سەرم وەك بەردی ڕێگا بێ خەبەر بێ

لەگەڵ دوژمن بە دیناڕێ بسازم

ولأتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ

هەژاریی لات و گریانی هەژاران

نەکەم سەیر و لە دڵما بێ ئەسەر بێ

هەموو غایەم لە گۆشەی نیشتمان

بەدەست هێنانی ماڵ و عیلمی جەڕ بێ

لە چاکەی هاوزمانان چاو و گوێچکەم

هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ

بە ناو خەڵکا گەڕانی من بە تەنیا

لەرێگەی دەست بڕین و فێڵ و گەڕ بێ

لە هۆنراوەیەدا جیاکردنەوەکەی فانی لە رووی (ئامانج و مەبەستی بوون) ە وەیە. ئەگەر مرۆڤ بوونرایی هەبێ، نەك تەنیا بوون (واتە شوێنی لە بوون هەبێ Being نەك هەر بوونێکی رێکەوتی لە سەر زەمین Existence) ئەوە دەبێ پەیام و هۆی بوونەکەی ئاشکرا کا؛ لای فانی کەسانی کۆمەڵەی بوونیان هەیە: بوونی ماددی دوور لە پەیامی مرۆڤایەتی و نەتەوە خوازیی کە لێرەدا جەختیان لەسەر دەکاز ئەوان هەن وەك : بەردی رێگا، وەك کوێر و کەڕ و بێخەبەر و بێ ئاگا لە ناڵەی خاکە ساران و هەستی نیشتمانپەروەریی. ئەو (فانی یە، جیایە، چونکە هیچ کام لەوانە نییە، بەشێك نییە لەو کۆبەندی وشە و مانا و رەفتار و کردار و نیاز و ئامانجانە. لەبەرئەوە لەم هۆنراوە یەدا (منێتی) جیاوازی خۆی بۆ ئاست و پلەی سیمانتیکی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەرستی بەرز دەکاتەوە، (من) ی فانی دەبێتە (من) ێکی نموونەیی بۆیە (گشتی) دەکا و بناغە و پایەیەکی سیمانتیکی جیاواز بەرامبەر (منی باو/ ئەوان ) بنیات دەنێ و کۆمەڵە مەرج و نیشانە و پێناس و وەسف و رێوشوێن بۆ (منی) نیشتمانی لە وێنەی (لاوی شەرافتمەند و ئازا) دەستنیشان دەکا:

دەبێ لاوی شەرافەتمەند و ئازا

وەکو باخێکی پڕ سایە و سەمەر بێ

(باخی پڕ سایە و سەمەر) بەراورد کە لەگەڵ (بەردی رێگای بێ خەبەر) .

لەرەفتار و کردار و زمانی

هەموو کەس شادمان و بەهرەوەر بێ

بەراوردی کە لەگەڵ :

هەژاری لات و گریانی هەژاران

نەکەم سەیر و لە دڵما بێ ئەسەربێ

لە رێی پارێزگاری نیشتمان

زمانی نەشتەر و سینەی سووپەر بێ

بەراوردی کە لەگەڵ :

لەگەڵ دوژمن بەدیناری بسازم

وڵاتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ

بەرامبەر لاوەکانی کوردی ئازا

لە خا نەی خۆشەویستیدا پدەر بێ

واتە: لەخانەی ماڵی خۆشەویستیدا بەرامبەر هەموو لاوێکی کورد وەك باوك وابێ. ئەمە بەراورد کە لەگەڵ:

له چاکەی هاو زمانان چاو و گوێچکەم
هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ

بەکورتی (فانی)، دەیەوێ خۆناسینە جیایەکەی خۆی بکاتە دروستکەر و بەرهەمهێنەری کۆمەڵە وشەگەل و پەیڤ و بیرۆکەیەکی نوێی پەروەردەیی کە نەوەیەکی تازە بەپێی ئەو بیرە نوێیانە لە قوتابخانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا پێ بگەیەنێ.